# ملوانكە بۆ رازاندنەوەی خانمان










جوانی ئێكسسوارەكان لە زۆر لایەن دەردەكەون، لەگەڵ ئەوەی وەك كەرەستەیەكی رازاوە یان رازاندنەوە كاری بۆ دەكرێت، لە هەمان كاتیشدا جوانییەكی گەورە دەبەخشێت كاتێك لەگەڵ جلوبەرگێكی تایبەت دەپۆشرێت. یەكێك لە ئێكسسوارە جوانەكان بریتییە لە ئێكسسواری (ملوانكە). لێرەدا دەبێ ئاگاداری جۆرەكانی ملوانكە بین، لەوەی كامە شێوازی ناسك لەگەڵ پێست و جوانی جەستە دەردەكەوێت، جوانی ملوانكە لە جوانی و رازاوەیی لە شێوازەكانی دەردەكەوێت. یەكێك لە مۆدەكان بریتییە لە دانانی زنجیرە لە هەڵواسینی ملوانكەكان بۆ سەر مل، بەمەش دەتوانێت ناسكییەكی تەواو ببەخشێت بەسەر جەستە و ملی خانمان.

# لەماڵەوەش جلوبەرگی جوان هەڵبژێرە







خانمان دەبێ بە جوانترین شێواز لە ماڵ و دەرەوە دەربكەون، ئەمەش پێویستی بە رازاندنەوە و هەڵبژاردنی جلە جوانەكان دەبێت. تەنانەت لە ماڵەوەش دەبێ كاری جوانكاری بۆ دەستنیشانكردنی جلوبەرگێك لە ماڵەوە بگونجێت لە هەردوو لایەنی جوانی و پۆشی جلوبەرگ. خانمی جوان دەبێ جلێكی ناسك هەڵبژێرێت لەو جلانەی بۆ ماڵ دەپۆشرێن. قاتی تراكسۆت یان بێجاما و بلووز و بەدی، یەكێكە لەو جلە خۆشانەی بۆ ماڵ لەبەر دەكرێت، ئەم جۆرە جلانە شێوازێك لە خۆ دەگرێت لەگەڵ ئەوەی جووڵەی خانمان ئاسان دەكات لە كاروباری ماڵ، ئەو چەند مۆدەیە بریتییە لە چەند جلێكی تایبەت بۆ خانمان لە ماڵ.

# تەسریحە تێكەڵاوەكان

شێوازی تەسریحەكان دەبێ لە نزیكەوە بە جوانترین و رازاوەترین جۆرە مۆدە دەربكەون، ئەمەش وەك رێگەیەك لە جوانكاری تەسریحە جوانەكان، تەنانەت لەگەڵ شێوە و رووخساری خانمان بگونجێت و شێوازێكی تێك ئاڵاوی پێوە دیار بێت، ئەمەش وادەكات شێوەی دەرەوەی تەسریحەكە لە نزیك و دوور بە ناسكترین شێوە دەربكەوێت و رێگەیەكی كراوەی هەبێت. ئەوەی لەم تەسریحانە دەبینن چەندین شێوازی تێكەڵاو و لە یەكتر ئاڵاوەی لێوەی ئامادەكراوە، بە جۆرێك قژەكە بە جوانی و لوولەی بە نەخش تێهەڵكێشراوە و دیمەنێكی زۆر سەرەنجراكێش و جوان دەردەكات. ئەم شێوازە جوانە تەنیا بیركردنەوە و نەخشی جوانی دەوێت، ئەمەش لەلایەن هەر خانمێك دەتوانێت سەربەخۆ بێت لەوەی چ جۆرە نەخشێك هەڵدەبژێرێت.







# کراسی ماسی
# بۆ وەرزی هاوین



جلوبەرگە ناسکەکان دبیَ لە ڕێگەی دانانی شێوازێکی ڕازاوە و کراوە بێت، بە تایبەت کاتێك خانمان ئەو جۆرە کراسە هەڵدەبژێرێن لەگەڵ جوانی و ناسکی جەستەیان دەگونجێت، کاتێك لە وەرزی هاوین و گەرما کراسەکان هەڵدەبژێردرێن دەبیَ بە ڕازاوەیی و لەگەڵ شێوەی دەرەوەی جەستە بگونجێت. تەنانەت ئەگەر جلەکان لە چەندەها مۆدە و نەخش دروست کرابێت.

لێرەدا باس کردنی چەند جۆرە کراسێك مۆدە (جەستە ماسی)، ئەو مۆدەیەی سەرتاپای جەستە دەردەخات و لەگەڵ لاری و دەرهاتنی بەشەکانی جەستە دەوەستێت، وەك لە خوارەوەی ناوقەد و لەسەر شانەکان و، هەروەها لە ژێر چۆك و سەر ران. وەك لە مۆدەکانی ئەو کراسانە بەدی دەکرێت و دەتوانن سوودی لێوە وەربگرن بۆ هەڵبژاردنی جل و کراسەکان.









# مۆدەیەکی تازە و
# کراوە بۆ قژی خانمان

چەندەها شێوازی بڕینی قژ هەن، کەچی هەڵبژاردنی یەکێك لەم شێوازانە دەبێت بە حەز و جوانی هەر خانمێك بێت، بەڵام مۆدەی قژی کورت بێگومان لەگەڵ مۆدەیەکی تازە و نوێکاری خۆی دەنوێنێت، لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی شایستە و خۆگونجاندن دروست دەکات لەگەڵ هەر جلوبەرگێك یان ڕووخسارێکی خانمان، بە مۆدەیەکی تازە و کراوە دادەنرێت. یەکێك لە سیفاتە جوانەکانی قژی کورت، دەتوانرێت لەگەڵ هەر ڕەنگێك دابنرێت، ئەمەش بەهۆی کورتی قژەکە دەکرێت بە چەندەها ڕەنگ بۆیە بکرێت، یان ڕەنگەکەی بگۆڕدرێت. بەمەش دەکرێت مۆدەی قژە کورتەکان لە گشت جۆرە ڕەنگ و شێوازێك ئامادە بکرێت و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەموو جلێك دەگونجێت.



# جووڵە سەیرەکانی کچان











ئەوانەی خاوەن بەهرە سەیرەکانن دەتوانن چەندین نمایش و کاری تایبەت ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی زیاتر بەناوبانگە کچە چینی و ژاپۆنییەکانن. بەهرەی ئەو کچانە بریتییە لە نەرمی و ناسکی جەستەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ئەوەی کارێکی جملاستیك ئەنجام بدەن.

ئەوەی دەیبینن لەم وێنانە بریتییە لە چەندین جووڵە و نمایشی تایبەت، بە جۆرێك دەتوانن جووڵەی ئەوەندە سەیر بکەن دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان و جێگەی سەمەرەی گشت کەسێك.

جووڵەکانیان بە جۆرێکە دەبێتە هۆی ئەوەی گرنگیان پێوە بدرێت و کاری تایبەتیان بۆ ئەنجام بدرێت.

# مۆتۆرسکێلێك لێدەخوڕێ



لە شاری جیمۆ لە وڵاتی چین، یاسایەك هەیە لەوەی نابێت ئەوانەی کێشە و گرفتی دەستیان هەیە، مۆ تۆ ر سکێل و پایسکل لێبخوڕن، کەچی ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەو گەنجانەی دەتوانێت بەبێ دەستەکانی مۆتۆرسکیڵ لێبخوڕێت. ئەو گەنجە ناوی (لیۆ وینگ)ە و تەمەنی (٢٢) ساڵ دەبێت، بەهۆی دانانی شتێك لە سگی بە سوکانی مۆ تۆ رسکێلەکەی بەستاوە و بەم شێوەیە توانیویەتی لێبخوڕێت. کەچی ئەم گەنجە توانایەکی گەورەی هەیە لەوەی چۆن مۆتۆرسکیڵ لێدەخوڕێت بەبێ دەستەکانی، بەمەش دەبێتە یەکەم گەنج بەبێ دەست کاری لەم شێوەیە ئەنجام بدات.



# سەرمای زستان و

ئەوەیە دیمەنی زستانی سارد، ئەو زستانەی هەموو شتێك بەرەو بەستن و ڕەق بوون دەبات، تەنانەت ئەگەر مرۆڤیش لە شوێنێکی گشتی بوەستێت دەیبەستێت. دیمەنێکی جوان و ترسناك، لەوەی چۆن خۆمان لە زستان ڕزگار بکەین. ئەوەی دیبینن دیمەنێکە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو وەرگیراوە، لە









# قژە درێژە سەیرەکان

زۆرن ئەوانەی حەز بە قژی درێژ دەکەن، بە تایبەت لەلایەن ئافرەتان و خانمان، کەچی هەندێکیان تواناى قژیان بێهێزە و درێژ نابێت، کەچی لە جیهاندا چەندەها ئافرەت هەن خاوەن درێژترین قژن، ئەمەش وەك کارێکی سەیر و جوان دەردەکەوێت. ئەو وێنانەی دەیبینن کۆمەڵێك ئافرەتن. قژ درێژی پێویستی بە ماندووبوون و گرنگی دان هەیە، بە جۆرێك دەبێ رۆژانە کاری شووشتن و ئەمەش دەبێ رۆژانە (١) شامپۆی تەواو دابنێت بۆ شووشتنی قژ درێژی قژی هەر یەکە لەوانە دەگاتە زیاتر لە مەترێك تا نزیکەی (٣) مەتر. ئەوانەش لە چەندین وڵاتانی جیهان.

# شووتی ئەهرامەکان



وا دیارە ژاپۆنییەکان لە توانیاندا هەیە، گشت شتەکانی سرووشت و ژیان بگۆڕن، یەکێك لەوانە گۆڕینی شێوەی شووتی لە شێوەی سرووشتی خۆی. ئەمەش دەکرێت لە رێگەی دانانی قاڵبی تایبەت لە کاتی گەشەکردنی شووتییەکە. شێوەی ئەم شووتیانە لە شێوەی ئەهرامەکانی وڵاتی میسر، ئەمەش کاتێك پێش گەشەکردنی شووتییەکە لەسەر قالبێکی تایبەت لە شێوەی هەرەم. وەکو دەیبینن شێوەیەکی جوانی لێدەرکەوتووە و بەمەش توانیویانە شووتی لە شێوەی ئەهرامەکان دروست بکەن. نرخی هەر شووتییەك (٥٦٠) دۆلارە.



# بەستنی کەرەستەکان

باکووری وڵاتی یۆنان، ئەویش نزیکە لە جەمسەری باکوور بە ساردترین جەمسەر دادەنرێت. دواى ئەوەی ساردییەکی گەورە ئەو شوێنەی گرتەوە و پلەی ساردی لە (٧٥) لە ژێر سفر دەبێت، بۆیە هەرچی لەسەر شۆستە و شەقامەکانە وەك سەهۆڵێکی ناو سەلاجە بەستوویەتی.





# پیاوی جاڵجاڵۆکە

بەم دواییە دووەم پیـــاوی جاڵجاڵۆکە پەیدا بووە، ئەویش دەبێتە پاڵەوانێکی راســـتەقینە نـــەوەك لە فیلـــم و دیمەنەکان بەشـــداری بکات. لە ویلایەتی کاناتکا لە رۆژهەڵاتی هیندســـتان، ئەو پیاوە ناوی (جیوتی راج) و تەمەنی (٢٢) خاوەن ســـەیرترین بەهرەیە لەوەی توانای ســـەرکەوتنی بەســـەر دار و دیواردا هەیە.

بەهرەی ئەم گەنجە توانای دەستەکانی بەهێزە و دەتوانێت بەسەر دیوارەکاندا هەڵبگەڕێت، وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چۆن لەبەرچاوی کۆمەڵە کەسـێك بەسـەر ئەو دیوارە بەرزە کەوتووە، بەمەش دەتوانێت چەندین نمایشی تایبـــەت ئەنجام بدات. خولیای ئەو گەنجە هەر لە بچووکـــی دا دەرکەوتووە و بۆیە بە ئاسانی نمایشی لەم جۆرە ئەنجام بدات.



# مەنجەڵ بۆ گۆشتی سەگ و گوێدرێژ



کەرەستە سەیرەکان، بە جوانترین و سەیرترین شـێواز دەردەکـەون، تەنانـەت دەکرێـت ســوودێکی گەورەیان لێـوە ببینرێـت و بۆ ئەنجامدانی چەندین کار و تایبەتمەنـدی، ئـەوەی دەیبینـن یەکێکە لە گەورەترین مەنجەڵەکانی جیهان، مەبەست لەم مەنجەڵە تەنیا بۆ ئامادەکردنی خواردنە لەم کەرەستەیە. لە وڵاتی (نیوزیلەندا) ئەم مەنجەڵەیان دروست کردووە بۆ ئامادەکردن و کوڵاندنی گۆشـــتی گیانداران. ئەمەش بۆ ئەوەی بەسەر هاوڵاتییان دابەش بکرێت بە خۆڕایی، ئەم کارەش مانگانە جارێك ئەنجام دەدرێت و چەندەها جۆرە گۆشت دەخرێتـــە ناو ئەو مەنجەڵە. ئەوەی ســـەیر بێت زیاتر گۆشـــتی ســـەگ و گوێدرێـــژی لەم مەنجەڵە دەکوڵێنرێت.

# کەرەستە سەیرەکان لە کێک

دروســـت کردنی کەرەستە سەیرەکان دەکرێت لە ڕێگەی چەندین شـــتی سەیر ئەنجام دەدرێت، وەکو ئەو کەرەستانەی بۆ کاری جوانکاری دادەنرێـــت، ئەوەی دەیبینن کۆمەڵێـــك لە کەرەســـتە جوانەکانە و بریتییە لـــە کۆمەڵە کەرەســـتەیەك. کەچی لە راستیدا هیچیان کەرەستەی راستەقینە نین.



ئەو کەرەستانە لە شێوەی شتێك ئامادەکراوە و گشت لـــەو شـــتانە (کێك)ە، کەچی کەرەســـتەکان لە کێکـــە و تەنیا لە شـــێوەی کەرەستەی دیکە دروست کراوە. ئەمـــەش دەبێتـــە سەیرترین کەرەستەکانی دروست کراو، بەڵام لـــە شـــێوەیەکی دیکە و بە جۆرێك وەکو راســـتەقینە دەردەکەوێت.











# ئەو كاتەی نینۆكی فیل دەكەن

نینۆك كردن چەند پاكە پیشـــەی مندالّی چاكـــە ! ئەمە وتەیەكە گشـــتمان دەزانین لـــە تەمەنی مندالّـــی گوێمـــان لێدەبوو كاتێك مامۆستاكان بە قوتابییانیان دەگوت نینۆكەكانتان بكەن، كەچی ئەمڕۆ وادیارە گیانـــدارە گەورەكانیش داوای نینۆك كردن دەكەن، ئەوەی دەیبینن گیانداری فیلە و بە كۆمەڵە كەسێك نینۆكەكانی دەكەن.

لـــە وڵاتی هەنگاریا بەهۆی بوونی زۆری گیانداری فیل و گرنگیدانیان بەو گیاندارە، بۆیە كاری نینۆك كردنیان بۆ دەكەن، وەك لە وێنەكاندا دەبینن نزیكەی (١٠) كەسێك خەریكن تەنیا بۆ كردنی نینۆنەكانی فیل، ئەمەش بە كۆسەرە و ئامێری كارەبایی.



# بەبێ وەرزش كردنیش زۆر بە هێزە



ئـــەو كەســـانەی بەهێزن و جەســـتەیان بە بەهرەیەكی گەورەوە دەردەكەوێت، وەكو ئەو پیـــاوەی دەیبینن خـــاوەن چەندین بەهرە و توانای بەهێزی هەیە.

ئەو پیاوە لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریكی دەژێت و نـــاوی (جێمـــس)ە، دەتوانێت بە سەری چەندەها بلۆك و كەرپووچ بشكێنێت. لەگەڵ ئەوەی بە دەستەكانی دەتوانێت كار و نمایشی تایبەت و ســـەیر ئەنجام بدات. لە یەكێك لە نمایشەكانی توانی دیوارێكی گەورە بشكێنێت.

بەمـــەش دەبـــێتە یەكێـــك لە بەهێزترین ئـــەو كەسانەی لە بواری نـــمایشی تایبـــەت بـــەناوبانگ بێت. تەنانەت تاوەكو ئێســـتاش هیچ كارێكی وەرزشـــی ئەنجام نەداوە.

# گەورەترین دەم!

ئـــەوەی ئەم دیمەنـــە ببینێت، بیگومان سەرســـوڕمانییەكی گـــەورە دایدەگرێـــت و لەوەی چۆن ئەو پیـــاوە كارێكی لەم جـــۆرەی ئەنجـــام داوە، وەكو دەبینن ئەو پیاوە خاوەن دەمێكی گەورەیە و بە خاوەن گەورەترین دەم دادەنرێـــت. لـــە یەكێـــك لـــە دیمەنەكانـــی توانیویەتی كاسێتێكی ڤیدیۆیی (VHS) لە نـــاو دەمـــی دابنێت بەبێ ئەوەی ئازارێكی پێبگات.

ئـــەم پیـــاوە خەڵكـــی وڵاتی (ویلز)ە كە پێشـــتر یەكێك بووە لە شانشینەكانی ویلایەتەكانی یەكگرتوو، ناوی (رۆبنســـن)ە و تەمەنی (٤٣) ساڵە، دەمی بەم شێوەیە دەركەوتووە و بەبێ ئەوەی كاری راهێنانی لەسەر بكات، بە خاوەن گەورەترین دەم دادەنرێت.






## پیاوەکە بگەڕێنەوە!

زۆربەی ئافرەتان حەز بە شت کڕین دەکەن، هەندێك جار پیاوەکانیان پڕ شت دەکەن و کەچی لە ڕێگادا بە قسەی ڕەق و ناخۆش و ناڕەزایی داوای شتی دیکەش دەکەن، کاریکاتێرەکە زیاتر باسی ئەم لایەنە دەکات.



## پەنجەرەی ئەلیکترۆنیش پەیدا بوو!

ئەوەی دەبینین یەکێکە لە سەیرترین بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، بە جۆرێك سوودێکی گەورە و سەیری هەیە، ئەویش بریتییە لە پەنجەرەی شاشە، وەك دەبینین پەنجەرەیەکە لە شاشەی ئەلیکترۆنی دروست کراوە، چەندها وێنەی لەسەر دادەنرێت، وەك ئەوەی وێنەی بەفر و باران، لە دوورەوە وا هەست دەکەیت لە دەرەوە بەفر و بارانە، کەچی تەنیا وێنەیە!




## گەورەترین کەلەم دۆزراییەوە

ئەوەی دەبینین دەبێتە یەکێك لە گەورەترین بەروبوومەکانی کشتوکاڵ، بە تایبەت لە بواری سەوزەدا، ئەم شتە گەورەیە بریتییە لە گەورەترین (کەلەم)، تا ئێستا شتی لەم جۆرە نەدۆزراوەتەوە، کەچی لە وڵاتی ئیسپانیا لە باخێکدا ئەم کەلەمە گەورەیە دۆزرایەوە، کێشی دەگاتە (١٠) کیلۆگرام.

## بۆ ئاسوودەیت

☺- منداڵێك دوای تاقیکردنەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دوعا دەکات و دەڵێت: خوایە ئەستەمبوڵ ببێتە پایتەختی ئێران!!
دایکی گوێ لێدەبێت و بە منداڵەکە دەڵێت: بۆ وا دەڵێیت؟! ئەویش دەڵێت : دایە چونکە لە ئیمتیحان وام نووسیوە!

☺- لە یەکێك دەپرسن، رات چییە بەرامبەر ڤالانتاین؟!
ئەویش لە خۆیەوە دەڵێت: دڵنیام (٣-٠) سێ بە هیچ لە ریال مەدرید دەباتەوە..



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەم نزیکانە داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لەبۆنەیەکدا، ڕەتی مەکەوە و بەشداری تێدا بکە، چەند کەسێك دەناسیت کە سوودیان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی گرنگ بۆ تۆ.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بریارێك مەدە کە پەیوەست بێت بەکۆتایی هێنانی پەیوەندی نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت، دەرفەتێکی تری پێ بدە بۆ ئەوەی راستیەکانت زیاتر بۆ دەربکەوێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەگەر رەخنەت لێ گیرا بەگیانێکی وەرزشی وەری بگرە، پێویستیت بە تەرخانکردنی کاتی زیاتر هەیە بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بەخەمناکی دەکەی کاتێك بیر لە چارەنووسی پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت دەکەیەوە، بێ هیوا مەبە و دڵنیابە رۆژانی داهاتوو خۆشیەکی زۆری پێیە بۆ تۆ.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**


هاورێیەکت لەبوارێکی تایبەتدا یارمەتیت دەدات کە زۆر پێویستت پێی هەیە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چاو بە پەیوەندیەکانت بخشێنیتەوە و بەهێزتریان بکەی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

زۆر جار دەتەوێ وا نیشان بدەی کەخۆشەویستی یەکەمت لەیاد نەماوە بەڵام ئەو خۆشەویستیە هێشتا کاریگەری ماوە و ناتوانی بەئاسانی لەبیری بکەیت.

ئا/ هێمن قەسرەیی



**ئاسۆیی:**

١- سەرۆکی ئیکوادۆر.

٢- بزر- یارییەکی وەرزشییە- پارێزگایەکی عێراقە.

٣- گیانلەبەرێکە- درێژترین رووبار(پ).

٤- وەکو یەك- بۆ(پ)- وەکو یەك.

٥- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقییە(پ)- سێ پیتی نەهلە.

٦- بەشێکە لەسەر(پ)- دوو پیتی جیاواز.

٧- بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو- ئیمزا.

٨- ژمارە یەکە- نیوەی وانە- فیراوی(ت).

٩- شاعیرێکی کورد بوو(پ) سور(ت).

١٠- گۆلچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا(پ) خاوەن وێنەکە.

١١- سەرکردەیەکی ئەڵمانی بوو(ب) — قینە- پیتێکی ئینگلیزیە.

١٢- یاریزانێکی ئەرجەنتینیە- گۆلچی هەڵبژاردەی ئیتاليا بوو(پ)ز

**ستوونی:**

١- سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی.

٢- پێنج پیتی ئەڵمان- بەرهەمی شیرە- رێگا.

٣- وەکو یەك- ناوێکی کچانە(پ).

٤- سێ پیتی دارا- توخمێکی کیمیاوییە.

٥- سەرۆکی بۆلیڤیا

٦- گۆڵکەری جامی جیهانی ١٩٩٠ (پ) — دوو پیتی بەفر.

٧- تەنیشت.

٨- عەشیرەتێکی کوردە(پ).

٩- چۆن(پ)- دورگەیەکە لە ئیتاڵیا.

١٠- خولی فەرەنسا بۆ تێنسی سەر زەوی.

١١- دوورگەیەکە ئەمەریکا(پ) دوو پیتی ژێر- یاد(ت).

١٢- گۆلکەری خولی ئیسپانیای ٢٠٠٩(پ).

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەوارییە لە ناو مەشکە ئامادە دەکرێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی نزمە یان دەکەوێتە نێوان دوو چیا یان دوو شوێنی بەرز)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (هۆزێکن هەردەم لە ناو خێمە دەژیین و بە دۆڵ و زوورنا بەناوبانگن)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە ئەگەر دابەشی دووی بکەیت و دواتر دووی لێوە کەم بکەیت ئینجا دەکاتە بە (٣)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دیبەگە) بوو



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسانی خاوەنی ئەم بورجە توانای زۆریان هەیە بۆجێبەجێکردنی کارەکانیان بەڵام مانای ئەوە نیە کە پێویستیان بەیارمەتی کەس نەبێت هەندێ کار هەیە ناتوانی بەتەنها جێبەجێی بکەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

خۆشەویستەکەت هەست بەبارودۆخی ئێستای ژیانت دەکات و رۆڵێکی زۆری دەبێت بۆدڵخۆش کردنت و لە خەمەکانت کەم دەکاتەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ڕووبەڕووی هەوڵی کەسانێك دەبیتەوە کە دەیانەوێ زیان بە بەرژەوەندیەکانت بگەیێنن پێویستە کارێك بکەی هەوڵی ئەوکەسانە سەرنە گرێت بۆیە بەباشی خۆت ئامادە بکە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دوای چاوەڕوانیەکی زۆر کەسی بەرامبەر هەستی خۆی ئاشکرا دەکات بەرامبەرت تۆش هەستی خۆتی پێ بڵێ و دوای مەخە بۆ کاتێکی تر.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بڕیاری خێرا مەدە سەبارەت بەو بابەتانەی زۆر گرنگن، پێش ئەوەی بڕیارێك بدەی بەباشی بیری لێ بکەوە بۆئەوەی توشی شکست نەبیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بڕوات بە خۆشەویستەکەت هەبێت و ڕێگا مەدە قسەی هەندێ کەس کۆتایی بە پەیوەندی نێوانتان بێنێت ئەگەرنا لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە.

hemntoni@yahoo.com